وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کار بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی سحرو جادو دەکەین



لە بارەگایەکدا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرەشکرایکردوە: کار بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی سحرو جادو دەکرێت و سەرپێچیکاران روبەڕوی یاسا دەکرێنەوە بە سزادان.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی نوسراوی ژمارە (4)ـی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوی دیاردەی سیحر و جادو یان هەرکارێکی هاوشێوە کە پێچەوانەی بنەماکانی ئایینییەکانە، ئاماژەی بەوە بەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان کردوە بۆ جێبەجێ کردنی لە رێژی بارەکردنەوەیەوە.

بەپێی نوسراوەکەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، ڕوشونی پێویست بەرامبەر ئەو کەسانەی کاری سیحر و جادو یان هەرکارێکی هاوشێوە ئەنجام بدەن، دەگیرێتەبەر و روبەڕوی سزا یاساییەکان دەکرێنەوە.

لەم مادەی دوەم بڕگەی (ب)ـی یاسای تایبەت بە بە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ژمارە (11)ـی ساڵی (2007) ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کار لەسەر نەهێشتنی دیاردەی سیحر و جادو و یان هەرکارێکی هاوشێوە بکەن، بە پێچەوانەوە رێکارەکانی کارگێڕی و سزایی بەرامبەر ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت دام و دەزگاکانی ئەوقاف بۆ ئەم کارە بەکاربهێنێت.